# Animal Husbandry of Ancient Kurdistan in the Conflict of Political Forces During the Period (911-705 BC)

**Koryan Hussein Qader[1], Mohammadamin Ali Abdullah[2]**
[1]Department of History Soran University - Faculty of Arts, [2]Department of History Raparin University-College of Humanities

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.15*

*Published: 15/1/2025*

***Abstract***
*As it is known animal husbandry played a significant role in shaping political events in ancient history. Animal husbandry has played a significant role in shaping political events in ancient history. Its mixture as an economic aspect with politics has influenced the structures of power, income generation, social issues and international relations, and the constant change of political boundaries. Often, the attempts of states and their rulers to control fertile land and animal husbandry resources have created the right conditions for the establishment of relations and conflicts, causing the course of events to change according to the needs of the time. Therefore, it is worthy of being the subject of various researches. Kurdistan, as one of the oldest civilizations in the world, has always been the focus of attention of foreign powers due to its fertile soil and rich animal husbandry and has caused political events in the region. In this regard, " Animal Husbandry of Ancient Kurdistan in the Conflict of Political Forces During the Period (911-705 BC)" was chosen as the title of this paper, which is dedicated to the study of animal husbandry and how it played a role in creating the most important political events of the region has seen, during that time It is defined within the sign and covers the period of rule in each of the kingdoms (Urartu, Manna and part of Media), which coincides with the reign of Neo-Assyrian .*
***Keywords**: animal husbandry, Political Issues, Uratu, Manna, Media, Assyrians.*

# ئاژەڵداریی کوردستانی کۆن لە ململانێی هێزە سیاسیەکاندا

# لە ماوەی (٩١١ – ٧٠٥پ.ز)دا

کۆریان حسین قادر

بەشی مێژوو

زانکۆی سۆران- فاکەڵتیی ئاداب

muhammad.amin@uor.edu.krd

پ.ی.د. محمدامین علی عبدالله

بەشی مێژوو

زانکۆی ڕاپەرین- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

Koryan.qader@soran.edu.iq

پوختەی توێژینەوە:

وەک زانراوە، ئاژەڵداری ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داڕشتنی ڕووداوە سیاسیەکان هەبووە لە مێژووی کۆندا، تێکەڵبوونی وەک لایەنێکی ئابوری لەگەڵ سیاسەتدا، کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی دەسەلآت و دەستەبەرکردنی داهات و پرسە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان و گۆڕانی بەردەوامی سنورە سیاسیەکان هەبووە. زۆرجار هەوڵی دەوڵەتان و فەرمانڕەواکانیان بۆ کۆنترۆڵکردنی زەویە بەپیتەکان و سەرچاوەکانی ئاژەڵداری، هەلومەرجی گونجاوی بۆ دروستبوونی پەیوەندی و ململانێکان ڕەخساندوە، ئەمەش وایکردوە، کە ڕەوتی ڕووداوەکان بەپێی پێویستی ئەو سەردەمە بگۆڕێت. بۆیە شایەنی ئەوەیە ببێتە بابەتی لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر.

لەبەرئەوەش، کوردستان وەک یەکێک لە کۆنترین ناوچە شارستانیەتەکانی جیهان، هەمیشە بە هۆی خاکە بە پیتەکەی و دەوڵەمەندی لە ڕووی ئاژەڵداریەوە ، بووەتە مایەی چاوتێبڕینی هێزە دەرەکیەکان، هۆکارییشە بۆ دروست بوونی ڕووداوە سیاسیەکان لە ناوچەکەدا .

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، " ئاژەڵداریی کوردستانی کۆن لە ململانێی هێزە سیاسیەکاندا لە ماوەی )٩١١ – ٧٠٥پ.ز(دا"، وەک ناونیشان بۆ ئەم توێژینەوەیە هەڵبژێردراو، کە تایبەتکراوە بە لێکۆڵینەوە لە ئاژەڵداری و چۆنیەتی ڕۆڵبینینی لە دروستکردنی گرنگترین ئەو ڕووداوە سیاسیانەی ناوچەکە بەخۆیەوەی بینیوە. ئەو ماوەیەی لە چوارچێوەی ناونیشانەدا دیاریکراوە، سەردەمی فەرمانڕەوایەتی هەریەک لە شانشینەکانی (ئۆراڕتۆ،ماننا و بەشێک لە ماد) دەگرێتەوە، هاوکاتە لەگەڵ سەردەمی حوکمڕانی ئاشوری نوێ.

وشە کلیلیەکان: ئاژەڵداری، ڕووداوی سیاسی، ئوراڕتو، ماننا، ماد، ئاشوریەکان.

پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی، " ئاژەڵداریی کوردستانی کۆن لە ململانێی هێزە سیاسیەکاندا لە ماوەی )٩١١ – ٧٠٥پ.ز(دا" جەخت لەسەر لایەنێکی گرنگی ئابوری، کە ئاژەڵداریە، وەک پاڵنەر بۆ ئاراستەکردنی ڕووداوە سیاسیەکان دەکاتەوە. بە تایبەت لە نیوەی یەکەمی هەزارەی یەکەمی پێش زاینی، گۆرانکاری نوێی سیاسی لە ناوچەکە هاتەکایەوە. لە لایەک ئیمپراتۆریەتی ئاشوری نوێ لەو پەڕی بەهێز بوونی خۆی دابوو، لە لایەکی تر هەریەکە لە شانشینانی ئۆراڕتۆ و ماننا و ماد، فەرمانڕەوایەتی بەشێک لە خاکی کوردستانیان دەکرد، مەبەستیەتی بیسەلمێنێت:

ئایا سامانی ئاژەڵداریی کوردستانی کۆن بووەتە هۆکاری ململانێ و کێبڕکێی نێوان هێزە ناوخۆی و دەرەکیەکان؟ ئایا لەو سەردەمەدا ئاژەڵداری وەک لایەنێکی سەرەکی ئابوری، توانیویەتی  وەک ئەوەی پێویستە، بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆجێی و دابینکردنی بژێوی گەل و سوپاکەیان ڕۆڵ بگێڕێت؟ ئایا لە هاوپەیمانیەتی نێوان هێزەکان و یەکلاییکردنەوەی دۆسیە هەستارەکاندا ئاژەڵداری ئامادەیی هەبووە؟ ئایا ئاژەڵداری لە پەیوەندی و ناکۆی نێوان هێزەکاندا، زیاتر وەک هۆکاری سەرهەڵدانی ململانێکان وێناکراوە یاخود وەک هەوێنی پێکهاتن و پێکەوە هەڵکرنی ئاشتیانە؟ ئایا ئاژەڵداری لە چوارچێوەی پەیوەندی و ململانێی نێوان هێزەکاندا، توانیویەتی لە ناو دەستکەوت و بەرهەمە بە مەبەستگیراوەکاندا، پێگەی شیاو بە ڕۆڵی خۆی بەرجەستە بکات؟

لەبەرئەوەش، لە توێژینەوەی مێژوویدا کەمتر وا هەڵدەکەوێت، کە تەنها بە یەک ڕێباز توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجامبدرێت، بەڵکو بۆ نزیک بوونەوە لە ڕاستیەکان، دەشێت چەند ڕێبازێک تێکەڵبکرێت، بۆ ئەم مەبەستەش لەم توێژینەوەیەدا پەیرەوی چەند ڕێبازێک کراوە، بەپێی خواست و سروشتی ناونیشانەکە پەنابراوەتەبەر ڕێبازی شیکاری، تا ئەو سنورەی کە زانستی کار ڕێگای دابێت، بە وردی ڕۆڵی ئاژەڵداری لەسەر ڕووداوەکانی ئەو ماوە مێژوویەدا خراوەتەڕوو، لە کاتی پێداچوونەوەی توێژینەوەکان خستنەڕووی زانیاریەکانیش، وەک نمونە، بۆ

سەلماندنی شیکاریەکان و ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان، پشت بە ڕێبازی گێڕانەوە بەستراوە، ئەمەش پێویستی بە گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراوبووە.

گومانیشی تێدا نیە، هیچ توێژینەوەیەکی زانستی بێ بەربەست و ئاستەنگ تێناپەڕێت، ئەوەی بۆ ئەم توێژینەوەیەش هاتۆتەپێش، خۆی دەبینێتەوە: لە سەختی کۆکردنەوەی سەرچاوەکان و داتا و زانیاریەکان و کەم باسکردنی لایەنی ئابوری لە مێژووی کۆندا، کەم شارەزایی یان نەزانینی هەندێک لەو زمانە بیانیانەی، کە پێویستە وەک سەرچاوەی سەرەکی سودیان لێببینرێت، کە گرفتی باش تێنەگەیشتن و پەنابردن بۆ شێوازی جیاجیای وەرگێڕان دەهێنێتەئاراوە، کە ئەوەش زۆرجار ئامانج ناپێکیت، زۆر کاتیش ئاسان دەستنەگەیشتن بە سەرچاوەکان، دەبێتە ئاستەنگ بۆ کۆکردنەوی زانیاری پێویست. هەروەها مێژووی ئەو نەتەوانەی کوردستان لە توێژینەوەکەدا هاتوە، زۆر بە کەمی لە لایەن خۆیانەوە ئاماژەی بۆ کراوە و شوێنەوارەکانیان نەماوە یاخود شێوندراوە، دەکرێت بۆ ئورارتو باشتر بێت بە هۆی مانەوەی زۆرێک لە نوسراوەکانیان، زیاتر مێژووەکەیان لە لایەن نوسراوە ئاشوریەکان ئاماژەی بۆ کراوە، کە ئەوەش گرفتێکی ترە، ئەوان تەنها ئاماژەیان بە باڵادەستی خۆیان بەسەر ئەو نەتەوانە کردوە.

لەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدراوە، بە وردی کاریگەری و ڕۆڵی ئاژەڵداری و چۆنیەتی ئەو ڕۆڵبینینەی لە پەیوەندیی دیبلۆماسی نێوان هێزە ناوەخۆی و دەرەکیەکان و ئاراستەکردنی ڕووداوە سیاسیەکان، ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازیەکان لەو ماوە مێژوویەدا، لەگەڵ باسی لایەنی ئاژەڵداری، لە لایەن ئورارتویی، مانایی و مادەکان لە سەردەمی مێژوویی خۆیاندا و چۆنیەتی بەشدارییپێکردنیان لە کایە سیاسیەکان و بەهێز بوونی خۆیاندا، ڕوونبکاتەوە.

بە گشتی توێژینەوەکە، جگە لە پوختەیەک بە هەرسێ زمانی، کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و پێشەکی، ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، لە دەستپێک و دوو تەوەری

سەرەکی پێکدێت، کە رۆڵی ئاژەڵ لە ئاراستەکردنی ڕووداوە سیاسیەکانی تێدا خراوەتەڕوو، بەم شێوەی خوارەوە و بەپێی گرنگی جۆری ئاژەڵەکان لەو ماوە مێژوویەدا ڕێکخراون.

دەستپێک/ ئاژەڵداریی کوردستانی کۆن لە ململانێی هێزە سیاسیەکاندا لە ماوەی (٩١١ – ٧٠٥پ.ز)دا

تەوەری یەکەم/ مەڕومالاَت و ڕەشە ولاَخ و وشتر.

تەوەری دووەم/ ئەسپ و گوێدرێژ

دەستپێک/ ئاژەڵداریی کوردستانی کۆن لە ململانێی هێزە سیاسیەکاندا لە ماوەی )٩١١ – ٧٠٥پ.ز(دا

کوردستان، وەک ناوچەیەکی مێژوویی، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پەرەپێدانی ئاژەڵداری هەبووە، وەک یەکێک لە کۆنترین ناوچەکانی شارستانیەتی جیهان، شایەتحاڵی گواستنەوەی چاخی بەردینی کۆن بۆ چاخی بەردینی ناوەڕاست و چاخی بەردینی نوێ بووە (احمد و رشید، ١٩٩٠: ٢٠–٢١)، بە درێژایی مێژوو زەویە بە پیت و ناوچە شاخاویەکانی، وەک کوردستانی کۆن، هەم دەرفەت و هەم ناوچەیەکی سنورداری بۆ ئەو خەڵکەی لەوێ دەژین خستۆتەڕوو، یەکێک لە بەردەوامترین و متمانە پێکراوترین ئامرازەکانی بژێوی، کە لەم ناوچانەدا سەریهەڵدا ئاژەڵداری بوو. تێکەڵە ناوازەکەی جوگرافیا و کەشوهەوا و سەرچاوە بەردەستەکان ژینگەیەکی دروستکرد، کە بەخێوکردنی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان بوو بە ڕێگەیەکی کرداری و سودبەخش بۆ پشتگیریکردنی کۆمەڵگا ناوخۆییەکان(السید، ٢٠١٧: ٣٠–٣١).

ئاژەڵداری لە کوردستانی کۆندا تەنیا لە یەک جۆر ئاژەڵدا سنوردار نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێک ئاژەڵی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو، هەریەکەیان کۆمەڵێک سودی تایبەتی خۆیان هەبوو، بە هۆی توانای لەوەڕاندنیان لەسەر زەویە نارێکەکان و خواردنی ڕووەکی جۆراوجۆر، بە تایبەتی بۆ

ناوچە شاخاوییەکان گونجاو بوون ( یانکوفسکا، ١٩٧٦ :٤٠٧-٤٠٨). ئەم ئاژەڵانە دەیانتوانی بە شێوەیەکی کارا ئەو خۆراکە بەردەستانە بگۆڕن بۆ بەرهەمی بە نرخی وەک، خوری، شیر و گۆشت... هتد، بۆ ئەم مەبەستەش بەخێوکردنی ئاژەڵ سەرەکیترین و گرنگترین بەشی ئابوری کۆمەڵگا ناوخۆییەکانی کوردستانی کۆن بوو لە هەزارەی یەکەمی پێش زاینی، خۆی لە بەخێوکردنی مەڕ، بزن، گا، مانگا، ئەسپ، گوێدرێژ و وشتری دووگۆپانە... هتد، دەبینیەوە، سەرچاوەی سەروەت و سامانی ئەو کۆمەڵگایانە بووە، کە خاوەن دەسەڵات و فەرمانڕەوای خۆیان بوون، وەک، ئۆراڕتۆ،ماننا و ماد، هەندێک هەرێمی سەربەخۆش هەبوون (ئیدرسیان، ٢٠١٩: ٣٥٣).

فراوانبوونی کاری بەخێوکردنی ئاژەڵ بووە هۆی دوژمنایەتی لە نێوان پێکهاتەکان و نێوان هێزە دەسەڵاتدارەکان، کە پرسی سەرەکیان ئاژەڵ و لەوەڕگە بوو. مێژوو بە ڕوونی نیشاندەدات، کە بەخێوکردنی ئاژەڵ ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و سەرەتایی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگا سەرەتاییەکانی کوردستاندا هەبووە. (پیتروفسکی،١٣٨١خ:٢١٣) یەکێک لە ئامانجە ئابوریەکانیش لە ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی بۆ ناوچەکانی کوردستانیش بە تایبەت لە لایەن ئاشوریەکان، دەستکەوتنی ئاژەڵ بووە، ئەمەش ئەو ڕۆڵبینینەی ئاژەڵداری نیشاندەدان لە ئاراستەکردنی ڕووداوە سیاسیەکاندا (احمد، ٢٠١٢: ٨٠).

تەوەری یەکەم/ مەڕومالات و ڕەشە وڵاخ و وشتر.

ئەگەر سەرنج بدرێت، هەر لە سەرەتای لەشکرکێشیەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری نوێ، لە سەدەی نۆیەمی پێش زاین بۆ ناوچەکانی کوردستانی کۆن، مەبەستیان زیاتر تالان کاری بوو، بردنی مەڕومالاتەکان لایەنێکی گرنگی ئەو تالان کاریانە بووە، ئەوەی لە ئۆراڕتۆدا باوبووە،

هەرکات لەشکری ئاشوریەکان نزیک دەبوونەوە، زۆربەی دانیشتووانی ئاواییەکان ناوچەکانی خۆیان بەجێدەهێشت و مەڕوماڵاتەکانیان بۆ چیا بەرزەکان و دووردەستەکان دەبرد، بۆئەوەی لە تالآن کاری بیانپارێزن (دیاکۆنۆف،٢٠١٠: ٢٠٥-٢٠٦)، ناوچە دارستانەکان و لەوەڕگە شاخاویەکان هەلومەرجی لەباریان بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و ئاژەڵداری دروستکردبوو، لە پاڵ کشتوکاڵ کاری شانشینی ) ئۆراڕتۆ١ ٨٨٠-٧١٤پ،ز(یان کردە ولآتێکی ئاژەڵداری و شوانکارەی (عقراوي، ٢٠١٥: ١٨٢). ئاژەڵەکان لە کاتی هێرشی ئاشوریەکان بۆ سەر ناوچەکانی ئۆراڕتۆ خواستراوترین شت بوون، بۆ بە تالآنبردن (پیتروفسکی، ١٣٨١خ: ٢١٣).

پێش دەرکەوتنی شانشینی ئۆراڕتۆ لە بەرزایەکانی ڕۆژهەلآتی ئەنادۆل، ئاژەڵداری سەرچاوەی سەرەکی بژێوی ژیانیان بووە بۆ کۆمەڵگا ناوخۆیەکانی ئەو ناوچانەیە، هەرواش بە گرنگی مایەوە لە سەرانسەری ناوچەکانی سەردەمی ئۆراڕتۆ(Çifçi, 2018: 23).  بایەخی ئاژەڵداری ناوچەی (بەیت زەمانی٢- Bit-Zamani)، کە پایتەختەکەیان ئامێدی بووە، لە نێوانیشیان دا ئاژەڵی بە نرخ هەبوو، وایکرد پاشای ئاشوری (ئاشور ناسربالی دووەمAshur-nasir pal II ٨٨٣ – ٨٥٩ پ.ز) هەڵمەتی سەربازی بکاتەسەریان، لە ئاکامی هاڵمەتە سەربازیەکەش (٢٠٠) سەر مانگا و (٥٠٠٠) سەر مەڕ لەگەڵ خۆی بۆ ئاشور ببات(مزهر، ٢٠٠٥: ١٠٠).

گرتن و هێرشکردنە سەر شار و ناوچەکانی دەورووبەری (خالزیلوحا-Halziluha)٣ لە لایەن هەمان پاشای ئاشوری، دواتر گواستنەوەی ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ لە گا و مەڕومالآت بۆ ئاشور لە کاتی هەڵمەتە سەربازیەکاندا، ڕۆشنایی دەخاتە سەر لایەنە ستراتیژی پاڵنەرە ئابوریەکانی پشت ئەم جۆرە کردارانە(کریسون، ٢٠٠٥ :٢٨-٢٩). بوونی مەڕومالآت لایەنێکی دیاری پاڵ هێرشکردنە سەر ناوچەکانی (زاموا٤- Zamwa) بوو، هەروەک لە دەقە مێژوویەکان ئاماژەی بۆ کراوە(مزهر، ٢٠٠٥: ٩٨)، سوپای ئاشوری لە ساڵی (٨٨١)پ.ز هەڵمەتیان دژی هۆزە

لولوبیەکان ئەنجامدا، هێرشیان بۆ گەرووی بابیتی(دەربەندی بازیانی ئێستا) و چەندان شاریان داگیرکرد (دیاکۆنۆف،٢٠١٠: ٢٠٧؛ (Grayson, 1976: v.2, pp.127-128لەوانە شاری (کالیزی- Kalizi و بارا- Bara)٥ و قەلاکانی ( ئوزو- Uzu، بیروتو-Birutu ، لاگالاگا-Lagalaga)٦ لەگەڵ دەیان شاری دەورووبەریان و قەلاکانیان، دەستکەوتێکی بێ شوماری لە مەڕوماڵات و گا لەو ناوچەنە لەگەڵ خۆیان بردوویانە بۆ ئاشور و دواتر تالانکاری و سوتاند و کاولکاری و کوشتنی زۆریان لەو شارانە ئەنجامداوە (Luckenbill, V.1, 1926: 29).

لە ساڵی (٨٦٦)پ.ز لە کاتی هەڵمەتێکی سەربازی ئاشورییەکان بەرەو چیای (کاشیاری- Kashiari )٧، لەگەڵ پێشڕەویکردنی هێزەکانی ئاشوری بەناو ناوچەکەدا، گەیشتنە (شاری خوزرینا- Huzrina)٨، بەدەستهێنانی بڕێکی بەرچاو ئاژەڵ لە هۆزەکانی دراوسێی ئەو ناوچەیە. ئەم ڕووداوە گرنگی ستراتیژی ئاژەڵداری لە چوارچێوەی هەڵمەتە سەربازیەکانی ئاشوریەکان لەو سەردەمەدا بە دیاردەخات(عقراوی، ٢٠١٥: ١٠٤). لایەنی ئاژەڵداری لە ئەنجامدانی هەڵمەتە سەربازیەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری ڕۆڵێکی گرینگی بینیوە، لە ڕێگەی دەسکەوتەکانیان ڕووندەبێتەوە، بۆ نموونە (ئاشور ناسرپالی دووەم) لە یەکێک لە هەڵمەتەکانیدا لە ناوچەی شاخاویەکانی باکوری وڵاتەکەی، دەسکەوتێکی زۆر لە ئاژەڵی بەدەستهێناوە لەوانە (٢٠٠٠) سەر مانگا و (٥٠٠٠) سەر مەڕ(الزیباری، ٢٠٠٩ :٨٠-٨١(

لە درێژەی هەڵمەتە سەربازیەکانی ئاشوری بۆ ناوچەکانی ئۆراڕتۆ، بایەخی ئاژەڵداری بەدیاردەکەوێت، کاتێک پاشای ئاشوری (شەلمانسەری سێیەم Shalmaneser III ٨٥٨-٨٢٤ پ.ز) لە سەرەتای حوکمرانی خۆی هێرشی بۆ سەر شاری (ئەرزەشکون٩-Arzashkun) ئەنجامداوە و دوای داگیرکردنی شارەکە و چەندان شاری تری وەک (خوبوشکیا١٠-Hubuskia)ی ڕووخاند و سوتاندن، مەڕ، گا، وشتر و ئاژەڵی تری لەو ناوچانە لەگەڵ خۆیی

بردوە و بە دەروازەی (کیروری-Kirruri)١١ گەڕاوەتەوە بۆ ئاشور(Lambert, 1961: 149)، هەر لە درێژەی هەڵمەتە سەربازیەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشوری، پاشا ( شەلمانسەری سێیەم) هەڵمەتی سەربازی بۆ سەر خاکی (ماننا)١٢ لەساڵی (٨٤٣پ.ز) بە سەرکردایەتی (دایان ئاشور) ئەنجامدا، کە خاکی ماننا لە ڕووی ئاژەڵداریەوە بە ناوبانگ بوو( Luckenbill, V.1, 1926: 112). هەروەکو هێرشی کردە سەر (خوبوشکیا) و دواتر بۆ شارە شاهانیەکەی(ئیزیرتو – Izirtu)١٣ دەستی بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە گا و مەڕوماڵاتی گرت و بردویەتی، دواتر وێرانکردن و سوتاندنی شارەکەی ( شولوسونو-Šulusunu)ی ماننای و کورەکانی هێنان بۆ ئاشور( عبدالصمد، ٢٠٠٨: ١٣٢).

دوای مردنی ( شەلمانسەری سێیەم) و خراپ بوونی دۆخی ناوخۆیی ئاشور، پاشای ئۆراڕتۆی سودی لەو دۆخە وەرگرتو و هەوڵی فراوانکردنی سنورەکانی خۆی دەدا. بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵیدەدا ناوچەکانی دراوسێ بهێنێتە ژێردەسەڵاتی خۆی. چەندان هەڵمەتی سەربازی ئەنجامدا، یەکێک لەو ناوچانەش خاکی مانناییەکان بوو، بەمەش ئۆراڕتۆ بووە بە بەربەستێک لەبەردەم بەرژەوەندییە ئابوریەکانی ئاشوری(کاظم، ٢٠١٤: ١٤٢).

پاشای ئاشوری (شەمشی ئەددی پێنجەم-Shamshi Adad V ٨٢٣-٨١١ پ.ز) لە هەڵمەتی دووەمیدا بۆ خاکی ئۆراڕتۆ و دواتر بۆ خاکی ماننا، لایەنی ئاژەڵداری لە پاڵ هەڵمەتەکەدا ئامانجێکی سەرەکی بووە بۆ ئاشوریەکان. کاتێک دەستبەسەر ژمارەیەکی زۆر لە مەڕ و گا و وشتری دووگۆپیان داگرتوە، (٥٠٠) شاری وێران کردوە، خەڵکێکی زۆری کوشتوە ( Grayson, 1996: 184). دواتر بەرەو خاکی (مادەکان)١٤ پێشرەوی کردوە، لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژانەدا، شاری ( گیزلبوندا١٥-Gizilbunda)و چەندین شاری تری ڕووخاندوە و بە ئاگر سوتاندونی و ژمارەیەکی زۆر لە مەڕوماڵاتی لەگەڵ خۆی بردوە، ئەو هەڵمەتە سەربازیەشی لە ساڵی(٨٢٠پ.ز) ئەنجامداوە(Luckenbill, V.1, 1926: 256).

وەک وتراوە، نوسراوە شاهانەییەکانی ئۆراڕتۆ تێروانینێکی مێژوویی بە نرخ لەبارەی شانشینی ئۆراڕتۆی کۆن دەدەن. ئاشکرای دەکەن، کە هەندێک لە گەشتە سەربازیەکانیان تەنها پەیوەندیان بە بەدەستهێنانی دەستکەوتەکانەوە هەبووە بە تایبەت ئاژەڵ، لەوانەش ئاژەڵی مەڕ و بزن(Çifçi, 2017: 91). ئەم جەختکردنەوە لەسەر ئاژەڵداری وەک پاڵنەرێک بۆ هەڵمەتە سەربازیەکان، ڕۆشنایی دەخاتە سەر ئەو هۆکارە ئابوری و ستراتیژیانە، کە چالاکیە سەربازیەکانی ئۆراڕتۆییان لە قاڵبداوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، هەڵمەتە سەربازیەکانی پاشاکانی ئۆراڕتۆ لە وەرزی بەهار و پایزدا، ساڵانە دووجار ئەنجامدەدرا. ئەمە کەمتر پەیوەندی بە بارودۆخی کەشوهەوای ناوچەکەوە هەیە، زیاتر پەیوەندی بە دۆخی بەخێوکردنی ئاژەڵەوە هەبووە لە بەهاردا. ئەو کاتەی هێشتا مەڕەکان بۆ لەوەڕاندن نەبرابوونە شاخ. یاخود لە پایزدا، کە لە شاخەوە گەڕابوونەوە. بەمەش دەستکەوتنی ئاژەڵ یەکێک بووە لە ئامانجە سەرەکیەکانیان(پیتروفسکی، ١٣٨١خ: ٢١٦).

لایەنی ئاژەڵداری ئامانجیکی سەرەکی بووە لە هەڵمەتە سەربازیەکانی پاشاکانی ئۆراڕتۆ، بۆ (سنورەکانی باکوری ڕۆژئاوا١٦)ی شانشینەکەیان، یەکێک بووە لەو هۆکارانەی دەسەڵاتی ئۆراڕتۆیان بەهێزکرد، لە هەڵمەتەکان پاشا (ئیشبونی) بۆ ئەو ناوچانە توانیویەتی دەسکەوتێکی زۆری ئاژەڵ لە ناوچەی )ئیتوهی- Etiuhe) کۆبکاتەوە کە (١٣٥٤٠) ئاژەڵی جۆراوجۆر و (٢٠٧٨٥) مەڕ لەگەڵ خۆی ببات بۆ ئۆراڕتۆ، لە سەردەمی پاشا (مینوا) هەڵمەتەکان بۆ باکوری سنورەکەیان بەردەوام بووە، بە تایبەت بۆ ناوچەکانی (دیاوهی١٧-Diauehi) و دەورووبەری ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵیان لەو ناوچانە وەرگرتوە، کە ( ٧٦١٦) مەڕ و ( ١٥٣٢٠) بزن مەزەندەکراوە. لە هەمانکاتدا ناوچەکانی داگیرکردوون و دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەو ناوچانە سەپاندوە( Ünsal, 2008: 16-18).

لە ساڵنامەی پاشایانی ئۆراڕتۆ (ئارگشتی یەکەم Argashti I ٧٨٥ – ٧٦٣ پ.ز و ساردوری دووەمSarduri II) و لە هەڵمەتە ساڵانەیەکانیاندا، باس لە ژمارەیەکی زۆر لە ئاژەڵەکان کراوە، پاشاکانی ئۆراڕتۆ زۆربەی جار کۆی ژمارەی ئەو ئاژەڵانەیان تۆماردەکرد، لەو ناوچانە وەرگیراون، کە داگیریانکردبوون، بەگشتی بریتی بوون لە مەڕ، بزن، وشتر و ئاژەڵی تر( Çifçi, 2017: 92). هەروەک لە ساڵی چوارەمی حکومڕانی خۆیدا ( ساردوری دووەم) مەڕوماڵات و وشتر و گایەکی زۆری دەستخستوە لە کاتی هێرشکردنە سەر وڵاتی ( پولوا- pulua) و دواتر هێرشکردنە سەر وڵاتی (ئاریاهی١٨- Areahi)، ساردوری دەڵێت: "لە ماوەی یەک ساڵدا، دەستم بەسەر وڵاتی ئاریاهی داگرت و وێرانمکرد و ژن و منداڵەکانم گواستنەوە، قەلایەکیشم دروستکرد، (١١٥) وشتر و ( ١٦٥٢٩) گا و (٣٧٧٦٨٥) مەڕ.... گواستەوە"(عقراوي، ٢٠١٥: ٧٣).

(ساردوری دووەم ) پاشای ئۆراڕتۆ لە هەڵمەتێکیدا بۆ سەر هۆزەکانی (ئارقوقی-Arquqi، ئەدەهو-Adahu، لیپرو-Lipru، ئیَشوموا -Ešumua ، کامنیو-Kamniu، قوعەلبا -Qu'alba، ئوهونی -Uhuni و تێریا -Teria)، لە کەنارەکانی باشوری حەوزی دەریاچەی سیڤان، (٤٠٣٥٣) سەر گا و (٢١١,٤٧٠) مەڕ و بزن دەستخستوە. ئەمە یەکێکە لە زۆرترین ژمارەی ئەو ئاژەڵانەی، کە لە تەنها یەک هەڵمەتێکدا لە لایەن پاشایەکی ئۆراڕتۆییەوە باسی لێوە کراوە( عەلی یێف، ٢٠١٦: ٣٤٠). بە هۆی ئەوەی حەوزی دەریاچەی سیڤان بە بارانبارینی زۆر و زەوی کشتوکاڵی ناتەواو داخراوە، ناوچە چێنراوەکانی ئەم ناوچەیە بە درێژایی ساڵ بە چیمەنی تازە داپۆشراون بۆ سەرچاوەی خۆراک، بۆیە ئەگەر ژمارەکانی ساردوری قبوڵبکەین، ڕەنگە بگەینە ئەو ئەنجامەی، کە لە حەوزی دەریاچەی سیڤان، بەخێوکردنی ئاژەڵ زۆر گەشەسەندوبووە و چالاکیی ئابوری سەرەکی کۆمەڵگاکانی ناوچەکە بووە لە ماوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایین( Çifçi, 2017: 102).

شانشینی ئۆراڕتۆ بە شێوەیەکی بەردەوام باجی لە شێوەی ئاژەڵ لە ناوچە داگیرکراوەکانی وەردەگرت. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاژەڵەکانی لە کاتی هەڵمەتە سەربازیەکانی بۆ سەر خاکەکانی دەورووبەر دەستخستوە. شانشینیماننا، یەکێک بوو لەو خاکانە، کە بە بەردەوامی لە لایەن پاشاکانی ئۆراڕتۆیەوە هێرشیان دەکرایەسەر( عەلی بێف، ٢٠١٦: ٣٤٠-٣٤١). پاشاکانی ئۆراڕتۆ (مێنوا Menwa ٨١٠ – ٧٨٥ پ.ز) و (ئارگیشتی یەکەم) و ( ساردوری دووەم) چەندین هەڵمەتیانکردوەتە سەر خاکی مانیان و توانیان چەندین ڕەوە ئاژەڵ لە مەڕ و بزن دەستبخەن. (ئارگیشتی یەکەم) زیاتر لە حەوت جار ئاماژە بە خاکی مانییەکان دەکات، کە دەسکەوتێکی زۆری لە ئاژەڵ لەگەڵ خۆی بردوە. لە یەکێک لە هەڵمەتەکانیدا (ساردوری دووەم) لە (ماننا و بوشتو- buštu)، ژمارەیەکی زۆر بە مەزندەی (٣٢٥٣٨) مەڕ و بزنی دەستخستوە، لە هەڵمەتێکی دیکەدا (٦٢) وشتر و (٦١٤٠) مەڕ و بزنی لە خاکی مانناییەوە وەرگرتوە(Çifçi, 2017: 102).

زیادبوونی فشارەکانی ئۆراڕتۆ، وایکرد ببێتە مەترسی بۆ ئاشوریەکان لە بەرەی باکور و باکوری ڕۆژهالاتی سنورەکەیان، بەمەش لە ساڵی دووەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا (تجلات بلاسەری سێیەم- Tiglat Pileser III ٧٤٤ - ٧٢٧ پ.ز) لە هەڵمەتێکیدا توانی بەرەو باکوری ڕۆژهەڵات بڕوات و نامری دراوسێی ئۆراڕتۆی بەبێ هیچ بەرگریەک داگیرکرد. لەوێ بەرەو وڵاتی مادەکان هات و دەسکەوتێکی زۆری لە گوێدرێژ و وشتر و مەڕی لەگەڵ خۆی بردوە، لە ئەنجامی هێرشەکەشدا (٦٠٥٠٠) دیلی ڕاگواستوە و لە ناوچەکانی دیالەی نیشتەجێکردوە(الزیباری، ٢٠٠٩: ١٠٢؛ Luckenbill, V.1, 1926: 271-272)، وەک لە نوسینەکەیدا هاتوە "بە ناو پارێزگاکانی مادەکانی بەهێزدا ڕۆیشتن و ژمارەیەکی زۆریان کۆمەڵکوژکرد تا ژمارەیان گەیشتە ٦٥٠٠٠ کەس و دەستکەوتێکی زۆر و جۆراوجۆرم لێیانهێنا،

لەوانە وشتر و مەڕ بە ژمارەیەکی زۆر هتد...، کە لەگەڵ خۆمدا هێنام بۆ ئاشور"(احمد، ٢٠١٢: ١٣٣-١٣٤).

لە سەردەمی (سەرجۆنی دووەمSargon II ٧٢١ – ٧٠٥ پ.ز)دا کە لەساڵی حەوتەمی فەرمانڕەوایەتی خۆییدا، لە هەڵمەتێکی سەربازی بۆ سەر پاشای ئۆراڕتۆ ( روسای یەکەم و هاوپەیمانەکان١٩)یدا، ئاماژەی بەو دەسکەوتە ئاژەڵیانەکردوە، کە لە ناوچەکە وەریگرتوە. هەروەک لەو نوسراوەیدا داهاتوە "لە ساڵی حەوتەمی فەرمانڕەوایمدا، روسای ئۆراڕتۆ، دوژمنایەتی لە دژی ئولوسونوی ماننایی ڕاگەیاند و دەستی بە سەر (٢٢) قەڵا داگرت، بۆ ئاشوری گەورەم، دەستم بەرزکردەوە و توانیم (٢٢) قەڵایەکە و دیاوکوی مانایی و خێزانەکەیم ڕفاند، باجم لە ( ئینزو)ی پاشایی نایری لە (خوبوشکیا) وەگرت و نۆ شاری (روسا)ی ئۆرارتو و لەگەڵ ئاژەڵەکانیان و مەڕەکانیانم گرت" (Luckenbill, V.2, 1926: 6).

هەرچەند )سەرجۆنی دووەم) چەندین هەڵمەتی سەربازیی بەرەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەنجامدا، بەڵام نەیتوانی دەسەڵاتی ئۆراڕتۆیەکان لەناوببات، جارێکی تر گەڕانەوە و سەرنجی دا بەرژەوەندییەکانی ئاشوریەکان کەوتنە مەترسیەوە(Wright, 1943:175-176)، ئەمەش وایکرد، هەڵمەتێکی سەربازی بەرفراوان دژی وڵاتی ئۆراڕتۆ بۆ گەڕاندنەوەی کۆنترۆڵی ئاشوریەکان بەسەریدا، بە تایبەت لە ناوچەکانیماننا ئەنجامبدات، هەروەها ئەو ناوچانەی کە هێزەکانی ئۆراڕتۆ وەک بنکەیەک بۆ ئەنجامدانی چالاکیە سەربازیەکانیان لە دژی ئیمپراتۆریەتی ئاشور بەکاردەهێنا، لەناوبرد. ئەم هەڵمەتە بە (هەڵمەتی هەشتەمی سەرجۆنی دووەم)٢٠ ناسراوە(عقراوي، ٢٠١٥: ١١٠). کاتێک گەشتۆتە ناوچەکانی ماننا (ئۆلۆسونو_ Ullusunu )ی پاشای ماننا و ژمارەیەک لە فەرمانڕەواکانی ئەو ناوچەیە، ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵ و مەڕوماڵاتیان پێشکەشی ئاشوریەکان کردوە، بە مەبەستی پاراستنی خاکەکەیان و نیشاندانی ملکەچبوونیان بۆ

ئاشوریەکان(Luckenbill, V.2, 1926: 9). ئەمەش ئەو ڕۆڵبینینەی ئاژەڵداری نیشاندەدات، کە لە دیبلۆماسیەتی نێوان ئاشوری مانابیەکاندا کراوە لەو سەردەمدا.

سوپای ئاشوری بەردەوام بوو لە هەڵمەتەکەی و ڕووبەرووی (میتاتی- Mitatti) فەرمانڕەوای( زیکرتو- Zikirtu)ی هاوپەیمانی ئۆراڕتۆیەکان بووەوە و شکستی پێهێنا و (٢٤) شاری تری ئەو ناوچەی داگیرکرد، دواتر ڕووبەڕووی (رۆسای) پاشای ئۆرارتی بووەوە، لە ئەنجامدا ( رۆسا) بەرامبەر بە هێزی سوپای ئاشوری شکیستیهێنا و ناچار بوو بۆ پایتەختەکەی بکشێتەوە(علی، ٢٠٠٦: ٨٦-٨٩)، بە هۆی زۆری هەڵمەتە سەربازیەکانی (سەرجۆنی دووەم) هێرشی نەکردە سەر پایتەختی ئۆراڕتۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەسکەوتێکی بێ شوماری لە ناوچەکاندا وەرگرت، لە نێوانیشیان ژمارەیەکی زۆر لە مەڕومالات و ئاژەڵ هەبوون(الزیباری، ٢٠٠٩: ١١٨)، ئەوەش لەو نوسراوەی سەرجۆن هاتوە، کە دەڵێت: " ئایانزو، پاشای وڵاتی نائیری، باجم لە شارە بە هێزەکەی ( خوبوشکیا) وەک ئاژەڵ و مەرەکانی... وەرمگرتوە" Luckenbill, V.2, 1926: 9)).

لە درێژەی هەڵمەتی هەشتەمی سەرجۆن ئامانجەکەی شاری (موساسیر٢١- Musasir) بوو، دوای ئەوەی بەشی زۆری سوپاکەی ناردەوە بۆ ئاشور، لە کاتێکدا دوو هەزار سەبازی لەگەڵ مایەوە و پێشرەویکرد بۆ موساسیر، لەو ناوچەیەش دەسکەوتێکی زۆری لە ئاژەڵ کۆکردەوە(علی، ٢٠٠٦: ٨٦-٨٩). هەروەک لەو نوسراوەی سەرجۆن دا هاتوە" بە یارمەتی خواوەندی ئاشور، گالیسکەکانم و هەزار لە سوارە و پیادە بەهێزەکانم لە شەڕدا بەرەو موساسر ڕۆیشتن، (ئۆرزانا) شازادەی (موساسیر) کە نزیکبوونەوەی سوپاکەمی بیست، وەک باڵندەیەک هەڵهات، سەرکەوت بەسەر شاخە بەرزەکان، (موساسیر) مەزارگەی خوداوەند خالدیێە، هاوسەری ئۆرزانا و کچەکانی و کورەکانی و (٦١٧٠) کەس لە گەلەکەی و (٩٢٠) مانگا و ئاژەڵەکانی تر و (١٠٠,٢٢٥) لە مەڕەکانی...، بردم بۆ ئاشور(Luckenbill, V.2, 1926: 9).

وتراویشە، کە پاشای ئۆراڕتۆی (رۆسا) دوای بیستنی هەواڵی کەوتنی شاری (موساسیر) و بە تاڵانبردنی گەنجینەکانی، خۆی کوشتوە(احمد، ٢٠١٢: ١٤٥). شایانی باسە هەڵمەتی هەشتەمی (سەرجۆن) دژی شانشینی ئۆراتۆ، بە یەکێک لە هەڵمەتە بە ناوبانگەکانی مێژووی کۆن دادەنرێت. بەو پێیەی کاریگەری گەورەی لە وەستاندنی یەکێک لە بەهێزترین فەرمانڕەوای کوردستانی کۆن هەبووە لە بەرامبەر ئاشوریەکاندا، وەک هەڵمەتێکی یەکلاییکەرەوە بۆ نەمانی یەکجارەکی دەسەڵاتی ئۆراڕتۆ لە ناوچەکەدا دەبینرێت( عبدالصمد، ٢٠٠٨ :١٥٥).

لە هەرێمەکانی مادیشدا ژمارەیەکی زۆر لە مەڕوماڵات و ئاژەڵی تری وەرگرتوە، هەروەک باس لەوە دەکات " لە (٤٥) شاری مادەکان ئاژەڵێکی زۆر لە مەڕوماڵات وەکو باج وەرمگرت" (Luckenbill, V.2, 1926: 11) ، لەگەڵ هەموو ئەو بە تاڵان بردنە لە خێروبێری کوردستان دوای (سەرجۆنی دووەم)، ئاشوریەکان ناچار بوون ڕووبەڕووی یەکێتیەکی گرنگ لە نێوان هۆزەکانی مادەکان ببنەوە، ئەمەش شایەتیە بۆ دانیشتوانی خۆجێیی کوردستان، کە هیچکات بە شێوەیەکی ڕەهای نەدەچوونە ژێر باری دەسەڵاتی ئاشوریەکان، لە هەرکاتێکی گونجاو خۆیان لە ژێر کۆت و بەندی ئاشوریەکان رزگارکردوە(عەلی یێف، ٢٠١٦: ٣٥٣).

تەوەری دووەم/ ئەسپ و گوێدرێژ:

باشوری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان و ناوچەکانی دەوروبەری بە شوێنێکی لەبار بۆ بەخێوکردنی ئەسپ لە سەردەمی شانشینی ئۆراڕتۆدا ناسراو بوون. ئەسپەکان نەک هەر بۆ گواستنەوە پێویست بوون، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیان لە شەڕدا هەبووە(GÖKCE, 2020: 48-49). بۆیە ئەم ناوچانە بۆ دابینکردنی بەردەوامی ئەسپی جەنگ زۆر گرنگ بوون، ئەمەش وایکرد لە ڕووی ستراتیژییەوە گرنگ بن بۆ هەر هەڵمەتێکی سەربازی(Çifçi, 2017: 100).

پاشای ئاشوری (توکلتی نینورتای دووەم-Tukulti-Ninurta II ٨٩٠ – ٨٨٤ پ.ز (، لە چوار ساڵی یەکەمی حوکمڕانیدا سەرقاڵی هەڵمەتە سەربازیەکان بوو بەرەو ئۆراڕتۆ، لە کۆتاییدا توانی

ئەو وڵاتە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، وە ئەم پاشایە نوسیویەتی: "بە یارمەتی خوداوەندەکانی ئاشور و شمش و ئەداد، چوومە ئەویێ و لە  ڕۆژهەڵاتی چیا سەختەکانم لێیەوە ملکەچکرد، بە سەرکەوتوویی و نەدۆڕاو گەیشتمە ئەویێ و وەک بروسکە ڕووبارە تووڕەییەکانم بڕی"، پاشانیش باجی بەسەر ئەو وڵاتانەدا سەپاند و لە نێویاندا ئەو ئەسپانەش هەبوون، کە ئاشور پێویستی پێی بوو بۆ ئەوەی سوپاکەی پڕچەک بکات(احمد، ٢٠١٢: ٨٨).

سوپای ئۆراڕتۆش هاوشێوەی هێزە سەربازیەکانی شانشینە کۆنەکانی دیکە، لە یەکە جۆراوجۆرەکاندا پێکهاتبوو، کە ڕۆڵی چارەنوسسازیان لە پاراستنی بەرگری شانشین و فراوانکردنی سنورەکەیان هەبوو، لە ناو ئەم یەکانەدا، سوارەکان پێگەیەکی بەرچاو و بەهێزیان لە چوارچێوەی سەربازی ئۆراڕتۆیدا هەبوو(عقراوي، ٢٠١٥: ١٤٠).

سوارەی ئۆراڕتۆ، کە بە لێهاتوویی ناوازە و گرنگی ستراتیژییەکەی بەناوبانگ بوو، نەک هەر مایەی شانازی بوو، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ دامەزراندنی هێزێکی سەربازی ترسناک(Çifçi, 2018: 24)  وەک (سەرجۆنی دووەم) پاشای ئاشوری بە سەرسامی باسی لێوە کردوە: "سەبارەت بەو کەسانەی لە وڵاتی ئۆراڕتۆ دەژین، کەسی وەکو ئەوان نیە شارەزاییان لە ئەسپسواریدا هەبێت، بۆ تیپی شاهانە بەخێودەکرێن و بەرێوەدەبرێن، دەبردرێنە وڵاتی (سوهو)٢٢ بۆ مەشق و ڕاهێنان"(ساكز، ١٩٩٩م: ٢٤٠).

هەڵمەتە سەربازیەکانی سەردەمی (توکەلتی نینۆرتا) بۆ باشوری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان، گرنگی ئەو ناوچانە لە بەخێوکردنی ئەسپ بەدیاردەکەوێت، کاتێک ڕووبەڕووی (ئەمی بەعل- Amme- Baal)ی فەرمانڕەوای ناوچەی بەیت زەمانی (دیاربەکری ئێستا) کە پایتەختەکەیان ئامەد بووە، بۆتەوە، توانیویەتی ملکەچی دەسەڵاتی ئاشوریەکانی بکات، کۆمەڵێک دیاری پێشکەشی ئاشوریەکانی کردوە، کە گرینگترینیان ئەسپ بووە(مزهر، ٢٠٠٥: ٩٠). لێرەدا نەک تەنها بەهای ستراتیژی بەخێوکردنی ئەسپ لەم ناوچەیەدا بەدیاردەکەوێت، بەڵکو لەو سەردەمەدا ڕۆڵی

لە دیبلۆماسی نێوان دەسەڵاتدارانیش ئاشکرا دەکات، ئەسپەکان نەک هەر بۆ هێزی سەربازی زۆر گرنگ بوون، بەڵکو وەک هێمای دەسەڵات و ئامرازی دیپلۆماسی لەم چوارچێوە مێژووییە سەرنجراکێشەدا ڕۆڵیانگێڕاوە.

ئەسپ گرنگیەکی زۆری بۆ سوپای ئاشوریەکان هەبوو، بۆ ئەم مەبەستەش بەدەستهێنانی ئەسپی گرانبەها، ئامانجێکی گرینگی سوپای شەرکەر بوو، هەندێک لە ئەسپەکان لە ڕێگای تالآنکردنەوە بەدەستدەهاتن، هەندێکی تریش لە ڕێگای سەپێندراو بە دابینکردنی ئەسپ بەسەر لایەنە دۆڕاوەکەوە بەدەستدەهات(خلف، ٢٠١١: ١٩)، هەڵمەتە سەربازیەکانی پادشای ئاشوری (ئاشور ناسربالی دووەم) بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات و کوردستان بە تایبەتی، ئامانجێکی گرنگی ئابوری دەستەبەرکردنی سامانی ئاژەڵداری بووە، ڕەنگدانەوەی ئەمەش لە هەڵمەتە سەربازیەکانی بۆ ئەو ناوچانە بە دیاردەکەویت(ساکز، ١٩٩٩: ٢٣٩-٢٤٠). کاتێک گەشتۆتە ناوچەی تومی( Tumme) لە باشوری (کیروری)، ئەو ناوچانەی داگیرکردوە و ئەسپ و گوێدرێژی لێوەگرتوون، بە تایبەتی ئەسپە بە نرخەکان، کە سوپای ئاشوری پشتی پێدەبەستن( عبدالصمد، ٢٠٠٨: ١٠٥-١٠٦).

ئەو ڕووداوەی، کە پەیوەندی بە شکستی وڵاتی (گیلزانو- Gilzanu)٢٣ هەیە، لە نەناردنی ئەسپ بۆ ئاشوریەکان و دواتر لەشکرکێشی پاشای ئاشوری ئاشور (ناسربالی دووەم)، ڕۆشنایی دەخاتەسەر ڕۆڵ و بایەخی ئەسپ لە ململانێ و شەڕدا. هەروەها ئەنجامە سەختەکانی شکستهێنان لە جێبەجێکردنی داواکاریەکانی دەسەڵاتێکی باڵادەست(حسین، ٢٠٠٦: ١٤١). هەروەک لەو دەقەدا هاتوە: "لە ساڵی یەکەمی حوکمرانیم، هێز و گالیسکەکانم لە دژی قەڵا سەختەکانی دەورووبەری وڵاتەکەم کۆکردەوە، ئەسپەکانم لە وڵاتی گیلزانۆ وەرگرت، چونکە ئەو ئەسپانەی کە لەوانەوە نێردراون بۆ ئاشور، چیتر بە بەردەوام نەدەهێنرانە بەردەمم"(کریسون، ٢٠٠٥: ٥٧).

ملکەچکردنی چەند پاشایەک لە ناوچەی زاموا بۆ ئاشوریەکان و دواتر سەپاندنی ئەسپ وەک باج، لە لایەن پاشا (ئاشور ناسربالی دووەم)، تێڕوانینێکی گرینگمان پێدەبەخشێت بۆ بەهای ستراتیژی ئەسپەکان لە ناوچەی زاموادا. لە دەقێکی ئەم پاشایەدا هاتوە : "من پاشاکانم لە هەموو ولاتانی زاموا چۆکدا، ئەسپم لێ وەرگرت و خاکەکەیم خستە ژێر یەک فەرمانڕەوایی و باجیان پێشکەشکردم"" (Luckenbill, V.1, 1926: 150)). هەر لە درێژەی هەڵمەتە سەربازیەکانی ئاشوری بۆ ناوچەکانی کوردستان، پاشا ( شەلمانسەری سێیەم) لە یەکەم ساڵی حوکمرانی خۆیدا لە (٨٥٨پ.ز)دا، هێرشی بۆ ناوچەی (خوبوشکیا) و دەورووبەری ئەنجامدا، گرنگی ئەو ناوچەمان لە بوونی سامانی ئاژەڵداری بە تایبەت ئەسپ بۆ بە دیاردەکەوێت(احمد، ٢٠١٢: ١٠٨).

لە پازدەمین ساڵی حکومڕانی خۆی ( شەلمانسەری سێیەم) هەڵمەتی سەربازی بۆ ولاتی نائیری ئەنجامدا، کە پێویستی دەستەبەرکردنی ئەسپ پاڵنەرێکی دیاری پاڵ هەڵمەتەکە بووە، وەک لەو نوسراوەیدا هاتوە، "لە ساڵی پازدەهەمی حکومڕانیم، ڕێپێوانمکرد بۆ خاکی نائیری، گەشتمە شاخی(تونیبون- Tunibun)، پاشا (ئارامو)ی ئۆراڕتۆ ملکەچی من بوو، ئەسپم وەکو دیاری و گوێڕایەڵی لێوەرگرت"(الزيباری، ٢٠٠٩م: ٨٩-٩٠). لە کاتی گەڕانەوەشی بۆ ئاشور، هێرشی کردە سەر شاری ( کلزانو) کە ڕەتیکردبۆوە باج بدات لە نێوانیاندا ئەسپ، بەمەش شەر لە نێوانیاندا ڕوویدا. ئاشوریەکان تیادا سەرکەوتوو بوون و شارەکەیان خستە ژێر دەسەلاتی خۆیان و ژمارەیەکی زۆر ئەسپ و ئاژەڵی تریان دەستبەسەرداگرت(احمد، ٢٠١٢: ١٠٩).

ئاژەڵداری شانشینی ماننا، بە تایبەتی ئەسپەکانیان، ڕۆڵێکی گرنگ و ستراتیژییان هەبوو لە ململانێ نێوان ئۆراڕتۆ و ئاشوریەکان، پاڵنەرێکی گرنگ بوو بۆ ئەنجامدانی هەڵمەتی سەربازی لە لایان هەدوو هێزەکە، هەوڵیاندەدا کاریگەری و کۆنترۆڵی خۆیان بەسەر خاکەکانی ماننا بسەپێنن(وند، ١٣٩٨خ: ١٠-١١)، لەم لاشەوە شانشینی ماننا زۆرجار هاوپەیمانی لەگەڵ یەکێک یان ئەوی دیکە لە دراوسێ بەهێزەکانیدا دەبەست، ئەم هاوپەیمانییانە زۆرجار پشتیان بە بەڵێنی

پشتیوانی سەربازیەوە بەستبوو، لە نێویاندا شانشینیماننا بە پێشکەشکردنی ئەسپ و هاوکاری بۆ لایەنێک، دەیتوانی هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندیی هاوپەیمانە هەڵبژێردراوەکەیاندا بگۆڕێت. بەم شێوەیە کاریگەری لەسەر دەرئەنجامی ململانێکانی نێوان ئۆراڕتۆ و ئاشوریەکان دادەنا(شیخی و دیگران، ١٣٩٨خ: ٦٢-٦٣).

هەڵمەتی (شەلمەنسەری سێیەم) بۆ سەر ماننا، بەشێک بوو لە هەوڵی فراوانکردنی سنورەکانی ئیمپراتۆریەتی ئاشور، ئەو دەیەویست بالادەستی ئاشوریەکان بەسەر شانشینەکانی دراوسێدا دووپاتبکاتەوە و سەرچاوەی بە نرخ دەستەبەربکات، بوونی ئەسپەکان لە ماننا ڕێگەی بە (شەلمانسەر)دا، کە توانای سوارە و سەربازیەکانی بەرزبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (ئولوسونو)ی پاشای منانای ناچارکرد ئەسپ بۆ سوپای ئاشور دابینبکات(الزيباری، ٢٠٠٩: ٩٤)، وەکو ئاماژەشی بۆ کرا، پاشاکانی ئۆراڕتۆ چەندین هەڵمەتی سەربازیان بۆ خاکی ماننا کردوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپیان لەگەڵ خۆیان بردوە یان دەستیانخستوە، ئەمەش ئامانجێکی گرنگ بووە بۆ ئەو هەڵمەتانەیان کە بۆ خاکی ناوبراو ئەنجامدراون. یەکێکیش لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی فراوانبوونی ئۆراڕتۆ و هەڵمەتە سەربازیەکان، گرنگیدانیان بوو بە بەدەستهێنانی ئەسپ، لە خاکەکانی منانای و ناوچەکانی دیکەی دراوسێ، ( ئارکشتی یەکەم) لە هەڵمەتێکیدا (٢٨٥) ئەسپی و لە هەڵمەتێکی تری (١١٠)ی ئەسپی تری دەستخستوە. بەمەش لە حەوت هەڵمەتی ناوبراودا، دەستخستنی ئەسپ لایەنێکی گرنگ بووە بۆ هێرشکردنە سەر ماننا( Çifçi, 2017: 104-105). هەروەک لە سەرەوە ئاماژەی بۆکرا لە هەڵمەتی پاشای ئۆراڕتۆ (ساردوری دووەم) بۆ سەر هۆزەکانی (ئارقوقی، ئەدەهو، لیپرو، ئێشوموا، کامنیو، قوعەلبا، ئوهونی و تێریا)ی کەنارەکانی باشوری حەوزی دەریاچەی سێڤان، (٣٥٠٠) ئەسپی لەگەڵ خۆی بردوە، ئەمەش وەک بەڵگەیەکە، کە لایەنی ئاژەڵداری ئامانجێکی ئۆراڕتۆیەکان بووە لە هەڵمەتەکانیان بۆ

ناوچەکانی دەوروووبەریان(Çifçi, 2017: 102). لە هێرشکردنە سەر وڵاتی (ئاریاهی) ساردوری دەڵێت: "لە ماوەی یەک ساڵدا، دەستم بەسەر وڵاتی ئاریاهی داگرت و وێرانمکرد و ژن و منداڵەکانم گواستنەوە، قەڵایەکیشم دروستکرد،( ١٦١٣) ئەسپم گواستنەوە"(عقراوي، ٢٠١٥: ٧٣).

بەهێزبوونی ئۆرارتۆ، هەرەشەیەکی بەردەوامی بۆ سەر ئیمپراتۆریەتی ئاشوری دروستدەکرد، کە بووە هۆی زنجیرەیەک ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکیە سنوریەکان و تەنانەت شەڕی تەواو لە نێوانیاندا، کێبرکێی خاک و سەرچاوەکان لە ناوچە سنوریەکان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە داڕشتنی ئەم ڕکابەرییەدا، پاشای ئاشوری (شمشی ئەدادی پێنجەم) لە یەکەمین هەڵمەتی خۆی بۆ خاکی نائیریدا دەسکەوتێکی زۆری لە ئەسپ بەدەستهێناوە، ئەوەشی نوسراوەیەکدا باسکردوە و دەڵێت: " لە یەکەم هەڵمەتمدا، ڕێپێوانمکرد بۆ خاکی نایری، دیاری و گوێرایەڵی و دڵسۆزی، کە پێکهاتبوو لە ئەسپ، لە پاشاکانی وەرمگرت، بە هەموو خاکی نائیریدا بڵاوبوومەوە"(Grayson, 1996: 183)، ئامەنجە سیاسیەکەشی لەو هەڵمەتەدا سنوردارکردنی بەهێزبوون و فشارەکانی ئۆرارتۆ بوو بۆ سەردەوڵەتی ئاشوری و لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆری ئەسپی بەدەستهێنا(الزيباری، ٢٠٠٩: ٩٦).

لە هەڵمەتی دووەمی بۆ سەر خاکی ئۆرارتۆدا، لایەنی ئاژەڵداری بە تایبەت ئەسپ وەک پاڵنەرێکی گرنگ سەیردەکرێت، هەروەک لەو نوسراوەدا هاتوە،" لە هەڵمەتی دووەممدا، فەرمانمدا بە ( موتارس-ئاشور)، فەرماندەی دانا و شارەزا لە شەڕدا، ئەویش لەگەڵ سوپاکەیدا ڕێپێوانیکرد بۆ وڵاتی نائیری، تاگەیشتە (دەریای ڕۆژئاوا)٢٤ هێرشیانکردە سەر (٣٠٠) شار و شکستیان بە ( شارسینا- Šarsina)٢٥ کوری ( میقدیارا- Meqdiara)٢٦ هێنا، دەستکەوت و موڵک و ماڵیان لێوەرگرت، شارەکانیان ڕووخاندن و سوتاندنیان، لە کاتی گەڕانەوەشیان شکستیان بە وڵاتی (سونبو – Sunbu) هێناو، ئەسپیان لە هەموو پاشاکانی نائیری وەرگرت"( Grayson, 1996: 184). پاشان سوپای ئاشوری بەردەوام بوو، تا گەیشتە خاکیماننا بۆ دەستبەرکردنی ئاژەڵ و

ئەسپ، کە پێی بە ناوبانگ بووە. لەو ڕووەشەوە ژمارەیەکی زۆر لە ئەسپ و گوێدرێژی لەگەڵ خۆی بردوە و ژمارەیەکی زۆری لە شارەکانی ڕووخاندون و سوتاندون Luckenbill, V.1, 1926: 255)).

پاشای ئاشوری (تجلات بلاسەری سێیەم) بەردەوام بوو لە هەڵمەتە سەربازیەکانی بۆ سەر ئۆراڕتۆ، لە ساڵی (٧٣٥پ.ز) جارێکی تر هێرشی بۆ سەر شاری (توشبا)ی پایەختی ئۆراڕتۆ برد و گەمارۆی شارەکەی داوە. (ساردوری دووەم)ی ناچارکرد هەڵبێت و دەستکەوتێکی زۆری ئەسپی لە دوای خۆی جێهیشت، هەروەک لەو نوسراوەی پاشای ئاشوریدا هاتوە (الحدیدی، ٢٠٠١ :٦١)، کە دەڵێت: "ساردوری پاشای ئۆراڕتۆ، لە دژی من ڕاپەڕی و لە (توشبا) گەمارۆم دا و لەبەردەم دەروازەی شارەکەدا زۆرێک لە چەکدارەکانیم سەربڕی و پەیکەری شاهانەم لەبەردەم شارەکە دانا و بە سەرکەوتوویی ڕۆیشتم" Luckenbill, V.1, 1926: 281)). ساردوری بۆ ئەوەی خۆی ڕزگاربکات هەموو ئەسپ و گوێدرێژەکانی لە دوای خۆیی بەجێهێشت"(الزیباری، ٢٠٠٩: ١٠٣)، دواتر پاشای ئاشوری لە پایەختی ئۆرارتۆ کشایەوە و ناوچەی (ئولوبو– Ullubu)٢٧ کە ٢٩ شاری تری لە خۆگرتبوو، توانیویەتی ژێردەستیانبکات (الحدیدی،٢٠٠١: ٦٣). هەرچەندە ئاشوریەکان نەیانتوانی شانشینی ئۆراڕتۆ بە هەمیشەیی لەناوببەن، بەڵام توانیان گورزێکی بەهێزی لێبدەن و بەر بەجموجۆڵەکانیان بگرن(احمد، ٢٠١٢: ١٣٥).

گرنگترین سود لە هێرشەکانی ئاشوریەکان بۆ سەرزەمینی ماد و ئۆراڕتۆ، دەستگرتن بوو بەسەر سامانی ناوچەکە، بە تایبەتی ئەسپی زۆریان دەستبکەوێت، لەشکرکێشی ئاشوریەکان هەمیشە پڕ چەک بووە، بەڵام پێویستی زۆریان بە سوارە و عارەبانەی جەنگی بووە. لەو کاتەشدا ئەو سەرزەمینانە (کوردستان) لە بەخێوکردنی ئەسپ و پەروەردەکردنیدا زۆر پێشکەوتوو بوون(دیاکۆنۆف، ٢٠٠٨: ٢٥٤). وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا. (تجلات بلازەری سێیەم) لە ساڵی

دووەمی فەرمانڕەوایی خۆیدا و لە هەڵمەتێکیدا، توانی بەرەو باکوری ڕۆژهەلات بڕوات و نامری دراوسێی ئۆراڕتۆی بەبێ هیچ بەرگریەک داگیرکرد، کە بەرەو وڵاتی مادەکان هات، دەسکەوتێکی زۆری لە ئەسپ و گوێدرێژ لەگەڵ خۆی بردوە(احمد، ٢٠١٢: ١٣٣–١٣٤).

دابینکردنی ئەسپ و پێویستی بۆ لایەنی سوپای ئاشوری، هۆکارێکی بەردەوامی ململانێی نێوان ئۆراڕتۆ و ئاشور بوو، بە تایبەت لە ناوچەکانی دەریاچەی ورمێ و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەم کێشەیەش لە سەردەمی (سەرجۆنی دووەم) دا پاڵنەرێک بوو بۆ هێرشکردنە سەر ئەو ناوچانە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆراڕتۆ لە لایەک(ساکز، ١٩٩٩ :١٣٦).هەروەها ملکەچکردنی ماننا بە ناردنی ئەسپ بۆ ئاشور لە لایەکی تر، (وند، ١٣٩٨خ: ١١) گرنگی دەستەبەرکردنی ئەسپ لە هێرشکردنە سەر ناوچەکانی مادیش دەردەکەوێت، کاتێک (سەرجۆن) شاری (خار خار)ی میدیەکان داگیردەکات، لە کاتێک دابووە، کە باجدانی ئەسپیان بە ئاشور ڕاگرتبوو( Radner, 2011:50). هەروەک لە ساڵی نۆیەمی فەرمانڕەوای خۆیدا لە دەقێکیدا هاتوە "لە (٤٥) سەرۆک شارەکانی ماد (٤٦٠٩) ئەسپ و گوێدرێژی...، وەکو باج وەرمگرت" :Luckenbill, V.2, 1926 11)).

لەو هەڵمەتەی (سەرجۆن) بۆ شاری (موساسیر) کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەسکەوتێکی زۆری لە ئەسپ و گوێدرێژ دەستخستوە، وەک لە نوسراوەکەیدا هاتوە "(٦٩٠) لە گوێدرێژەکانی...، لەگەڵ خۆم بردم بۆ ئاشور" Luckenbill, V.2, 1926: 9)). پیوتروفسکی لە دەسکەوتەکانی سەرجۆن لە شاری موساسیر ئاماژەی بەوە داوە، کە (٣٨٠) ئەسپی لەگەڵ خۆی بردوە (پیتروفسکی، ١٣٨١خ: ١٦٧). لە ساڵی (٧١٣)پ.ز دوای یاخیبوونی هەندێک هەرێمی ماد لە نێوانیاندا ( کەلارا -Karalla، ئێلیپی – Ellipi) سەرجۆنی دووەم توانی شکستیانپێهێنێت و زیاتر لە (٤٠٠٠) ئەسپ و ئاژەڵی تری وەک باج لێیانوەرگرت( عەلی بێف، ٢٠١٦ :٢٥٢–٢٥٣). تا ساڵی (٧١٠)پ.ز ئاشوریەکان لە هەموو شوێنەکانی کوردستان و شام و فەلەستین و عیلام و

ناوچەکانی ئیرانی کۆن و هتد.. سەرکەوتنی بەدەستهێنابوو لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکەی تاڵانی و دەسکەوت و باج دەڕژایە ناو ئاشورەوە(الزيباری، ٢٠٠٩: ١٢٣).

ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک:

- سامانی ئاژەڵداری و گرنگی جۆری ئاژەڵەکانی کوردستان، وایکردوە، لایەنێکی ئابوری بێت، بەدرێژایی مێژوو ناوچەیەکی سەرنجراکێش بێت بۆ زلهێزەکانی دراوسێ. ئەم سەرنجراکێشیە بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێ، کە ئیمپراتۆریەت و دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان تیایدا بەشدارن، لەوانە ئاشوریەکان، کە بە هۆی گرنگی ستراتیژی و ئابوریەوە هەوڵیاندەدا کوردستان کۆنترۆڵبکەن و کاریگەریان لەسەر کوردستان هەبێت.

- بەرفراوانی سامانی ئاژەڵداری لە ناوچەکانی ئۆراڕتۆ هانی دەسەلاتدارانی داوە، بۆ گرنگیدان بەو لایەنە و زۆر جار هەڵمەتەکانیان بۆ بەدەستهێنانی ئاژەڵ بووە.

- یەکێک لە پاڵنەرەکانی هەڵمەتگەلی ئاشوریەکان بۆ ناوچە جیاجیاکانی کوردستان، قازانجی ئابوری و بە تایبەتیش ئاژەڵداری بووە، ئەو ئامانجەشیان گەلێک جار لە ناوچەکانی کوردستان، لە ڕێگای دەستگرتن و وەرگرتنی وەک باج و سەرانە و تالانکاریی ناوچەکان، یان هێشتنەوەی دەسەلاتی خۆیان بەسەریدا دەستەبەرکردوە.

- سەرچاوە ئاژەڵیەکانی لە کاتی هەڵمەتە سەربازیەکان لە لایەن ئیمپراتۆریەتی ئاشوری نوێوە بەهایەکی زۆریان پێدەدرا و وەک هۆکارێکی گرنگ لە ململانێی ئاشور و ئۆراڕتۆ لەسەر ناوچەکانی دەوروبەری دەریاچەی ورمێ سەیردەکرێت.

- ناوچەکانی ماننا و ماد لە ماوەی هەزارەی یەکەمی پێش زاییندا بە هۆی گرنگی سامانی ئاژەڵداریەکەیان بە بەردەوامی جێگای چاوتێبرین بووە هەم لە ناوخۆی و هەم لە دەرەوەشدا.

پەراوێزەکان:

١- ئۆراڕتۆ: یەکێکن لە نەتەوە کۆنەکانی کوردستانی کۆن، دەرکەوتنی گەلی ئۆراڕتۆ لە مێژوودا لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین بووە، یەکەم پاشایان (ئارامو) بووە، لە دەوروبەری دەریاچەی وان هۆزە ئۆراڕتۆیەکانی یەکخستوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (مشکور، ١٣٣٢خ: ١٤-١٥).

٢- بەیت زەمانی: شانشینێکی ئارامی بووە، کە شاری ئامەد پایتەختی بووە، دەکەوێتە ناوچەکانی باکوری دیجلە، لە لایەن ئاشور ناسربالی دووەمەوە لە چوارچێوەی هەڵمەتەکەیدا باسی ئەو ناوچەی کردوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (Szuchman, 2009:56–58)

٣- خالزیلوخا: دەکەوێتە ڕۆژئاوای چیای کاشیاری (تور عابدین) بڕوانە(Olmsted, 1960:88)

٤- زاموا: بە هەموو لێکدانەوە و بۆچوونێک زاموا دەشتی شارەزووری ئێستا دەگرێتەوە، کە کرۆکی وڵاتی لولوبیەکان بووە و ئاشوریەکان زاموایان پێ گوتوە(احمد، ٢٠٠٨: ٥٨).

٥- کالیزی: دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای هەولێر؛ بارا: دەکەوێتە دەروازەی باکوری ئاشوری لە ڕۆژئاوای سلێمانی(مزهر، ٢٠٠٥: ٩٨).

٦- ئوزو، بیروتو، لاگالاگا: ڕەنگە کەوتبنە باکوری ڕۆژهەڵاتی تاسلۆجەی ئێستا بەرانبەر چیای پیرەمەگرون. بڕوانە( عبدالصمد، ٢٠٠٨: ١١٤)

٧- چیای کاشیاری: هەمان چیای تور عابدینی ئێستایە(ساکز، ١٩٩٩: ١١.)

٨- خوزرینا: لە ناوچەکانی سەرەوە لە سەر یەکێک لە لقەکانی ڕووباری بەلیخ هەڵکەوتوە(عقراوي، ٢٠١٥ : ١٠٤).

٩- ئەرزەشکون: دەکەوێتە کەناری ڕۆژئاوای دەریاچەی وان( الزیباری، ٢٠٠٩م:٨٦؛ پایتەختی ئۆراڕتۆ بووە لە سەردەمی پاشا ئارامو( مزهر،٢٠٠٥ :١٠٨)

١٠- خوبوشکیا: ئێستا بریتیە لە ناوچەی هەڵشۆی نزیک قەلادزێ، کە دەکەوێتە سەر سنوری نێوان عێراق و ئێران( حەسەن، ٢٠١٢ :٥٥).

١١- کیروری: وڵاتی کیروری ناوچەکانی دەشتی هەریری ئێستا و باکوری شەقلاوە دەگرێتەوە، لە نوسراوی پاشاکانی ئاشوری نویٚ لە کاتی هەڵمەتە سەربازیەکانیان ئاماژەی زۆری بۆ کراوە، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( Saggs, 1980:79-83)

١٢- مانناییەکان: گەلێکی تری کوردستانی کۆنن، لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینی لە باشوری دەریاچەی ورمیٚ دەرکەوتن، لە دەقە مێخیەکانی ئاشوری لە ساڵی ٨٤٣ پ.ز ناویان بە(ماننای) هاتوە، پایتەختەکەشیان شاری ( ئیزرتو) زەرتەی خۆرهەڵاتی کوردستانە، مانناییەکان ڕۆڵێکی سیاسی و شارستانی گرنگیان لە هەزارەی یەکەمی پ.ز هەبوو، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ( احمد، ٢٠٠٥: ٧٦٥-٧٦٨)

١٣- ئیزیرتو: شاری شاهانەی مانناییەکان بووە، پێدەچێت ناوی کۆنی شاری زرەتە بێت، کە دەکەوێتە باشوری دەریاچەی ورمیٚ (عبدالصمد، ٢٠٠٨: ١٣٢)

١٤- مادەکان: گەلێکی بە ڕەگەز هیندۆئەوروپین، لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پ.ز لە ناوچەی باشوری ڕۆژئاوای (ورمیٚ) نیشتەجێبوون، لای ئاشوریەکان بە (مادا) ناویان هاتوە، شاری "ئەکبەتانە" (هەمەدانی ئێستا)یان کردە پایتەختی خۆیان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ) دیاکونۆف، ٢٠٠٨: ١٩٦-٢٠٠).

١٥- گیزیلبوندا: بە بڕوای دیاکونوف گیزیلبوندا شوێنەکەی ( کافلان-کوهی) ئێستایە(Diakonoff, 1991:15).

١٦- سنورەکانی باکوری ڕۆژئاوای ئۆراڕتۆ: لە ناوچەکانی سەرچاوەی ڕووباری چۆرە (Curah) تا شاخەکانی ڕۆژهەلاتی دەریای ڕەشی ئێستای دەگرتەوە. بڕوانە ( Ünsal, 2008:9)

١٧- دیاوهی: دەکەویتە ناوچەی ئەرزەڕۆمی ئێستا(Köroğlu, 2015:114).

١٨- ئاریاهی: دەکەوێتە ناوچە سنوریەکانی باکوری ئۆراڕتۆ. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە (پیتروفسکی، ١٣٨١خ: ١٢٨-١٢٩).

١٩- (رۆسا) پاشای ئۆرارتو هاوپەیمانیەتی لەگەڵ (میتاتی) فەرمانڕەوای زیکرتو و باکداتی فەرمانڕەوایەکی ماد بەست، بۆ دەستوەردان لە کاروباری ماننا و (ئازا)ی پاشای ماننایان کوشت، کە (سەرجۆنی دووەم) دەستنیشانیکردبوو، وەک پاشای ماننا، سەرجۆن ئەم ڕووداوەی وەک هەڕەشە بۆ سەردەسەڵاتی خۆی زانی، بۆیە هەڵمەتی سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان دەستپێکرد. بڕوانە (عقراوی، ٢٠١٥: ١٣٨).

٢٠- هەڵمەتی هەشتەمی سەرجۆنی دووەم: ئەم هەڵمەتە لە (٧١٤پ.ز) لە هەشتەم ساڵی فەرمانڕەوایەتی( سەرجۆنی ئاشوری)، بەرەو ناوچەکانی خۆرهەڵات و باکوری خۆرهەڵاتی سنوری ئاشوری ئەنجامدرا، بە تایبەت دژی شانشینی ئورارتو، کە بەربەستێکی گەورە بوو لە پێش فراوانخوازی ئاشوریەکان لە سنوری خۆرهەڵاتیان، ئاشوریەکان سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا(Carey, 2005: 64).

٢١- موساسیر: بە یەکێک لە مەڵبەندە شارستانی و ئایینیە گرینگەکانی کوردستانی کۆن دادەرنێت، کە لە تێکستە مێخیەکانی ئاشوری و ئۆرارتویەکان لە نیوەی یەکەمی هەزاری یەکەمی پێش زاین باسی لێوە کراوە، موساسیر بریتیە لە هەرێمێکی فراوان کە پایتەختەکەشی هەمان ناوی هەبووە، ئەم هەرێمە دەکەوێتە بەشەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی دەوڵەتی ئاشوری (باکوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان- ناوچەی برادۆست) لە سەردەمی ئاشوری نویدا (٩١١- ٦١٢ ).( حەسەن، ٢٠١٢: ٣٣).

٢٢- سوهو یان سوبی: دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی ئورمیە باکوری چیای ئاواش، ناوچەیەکی گرنگی مەشق و ڕاهێنان پێکردنی ئەسپ بووە بۆ سوپا و سوارەی ئۆراڕتۆیەکان. بڕوانە (عقراوي، ٢٠١٥ز: ١٤٠).

٢٣- گیلزانو: یەکێکە لە شارە سەرەکیەکانی وڵاتی ئۆراڕتۆ، دەکەوێتە باشوری دەریاچەی ورمێ و باکوری ڕۆژهەڵاتی ئاشور(فارس، ٢٠٢٠: ٣٣١).

٢٤- دەریای ڕۆژئاوا: ڕەنگە ئاماژەکردن بێت بە دەریاچەی وان، کە دەکەوێتە ناوەندی خاکی ئۆراڕتۆ. ( عبدالصمد، ٢٠٠٨: ١٣٧).

٢٥- شارسینا: ڕەنگە شارسینا ناوی ڕەسەنی ( شارستێن) بێت، کە گوندێکە دەکەوێتە باشوری زێی خوارو نزیک ناحیەی بنگرد. ( عبدالصمد، ٢٠٠٨: ١٣٧).

٢٦- میقدیارا: فەرمانڕەوایەکی ناوچەی زاموا بووە لە سەردەمی شەلمانسەری سێیەم. شارسینا: ڕەنگە شارسینا ناوی ڕەسەنی ( شارستێن) بێت، کە گوندێکە دەکەوێتە باشوری زێی خوارو. ( عبدالصمد، ٢٠٠٨ : ١٣٧).

٢٧- ئولوبو: دەکەوێتە ناوچەکانی (دهۆک – زاخۆ). (ساکز، ١٩٩٩ :١٣٠).

لیستی سەرچاوەکان

بە زمانی کوردی


- احمد، کۆزاد محمد (٢٠٠٨) کوردستانی ناوەراست لە ناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پ.ز دا. چاپی دووەم، سلێمانی، بنکەی ژین .
- حەسەن، ئارام جەلال (٢٠١٢) موصاصیر لە سەرچاوە مێخییەکاندا. گۆڤاری موساسیر، ژمارە(١)
- دیاکۆنۆف (٢٠٠٨) میدیا. و. بورهان قانع، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چ٢.
- عەلی ییێف، ئیقرار (٢٠١٦) پادشایەتی ماد. و: سلام ئیسماعیل پوور، سلێمانی، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژ بەیانی.
- ئیدرسیان، غولامعەلی (٢٠١٩) مێژووی لەمێژینەی کورد و کوردستان. و.عەدنان بەرزنجی، سلیمانی، چاپخانەی سەردەم .

به زمانى عەرەبى


- احمد، جمال رشيد (٢٠٠٥) ظهور الكورد فى التآريخ. ج١، ط٢ ، اربيل، دار ئاراس للطباعة و النشر.

- احمد، ريبر جعفر (٢٠١٢) الحملات العسكرية الآشورية على كوردستان(٩١١-٦١٢)ق.م. دهۆک، مطبعة خانى.

- خلف، ابراهيم محمود (٢٠١١) غنائم الحرب في العصر الاشوري الحديث. ريساله ماجستير ،جامعة الموصل- كلية الأداب.

- ساكز، هارى (١٩٩٩) قوة آشور. ت. عامر سليمان، بغداد، منشورات المجمع العلمى.

- عبدالصمد، رافدة عبدالله (٢٠٠٨) كردستان العراق في ضوء المصادر المسمارية من الآلف الثالث ق.م حتى ٦١٢ق.م، اطروحة الدكتوراه ، جامعة السليمانية- كلية العلوم الآنسانية.

- عقراوي، عماد شاكر احمد (٢٠١٥)،مملكة آورارتو(٨٨٠-٧١٤ق.م)، تموز للطباعة والنشر التوزيع، ديمشق.

- على، قاسم محمد (٢٠٠٦) سرجون الاشورى (٧٢١-٧٠٥ ق.م)، رسالة ماجستير، جامعة واسط – كلية التربية.

- فارس، عبدالغني غالي(٢٠٢٠) الإبعاد والمظاهر الدينية للحملات العسكرية لملوك الملكة الآشورية الحديثة(١٩٩ –٦١٢ ق.م )، جامعة البصرة/ كلية التربية للبنات، مجلة آداب البصرة- عدد٩٣.

- كريسون، البرت كريک (٢٠٠٥) الكتابات الملكية. ت: صلاح سليم على، اربيل، مطبعة وزارة التربية.

- مزهر، رشا ثامر (٢٠٠٥) التطورات السياسية للدولة الآشورية ٩١١-٧٤٥ق.م. رسالة الماجستيرغير المنشورة،كلية التربية،جامعة بابل.

- السيد، ايمان آحمد: (٢٠١٧)الجبال في الحياة الاقتصادية للعراقيين القديما، مجله الآداب – جامعة حلوان،عدد ٤٣.

- الحديدى، احمد زيدان (٢٠٠١) الملك الآشوري تجلات بليزر الثالث، رساله الماجستير غير منشورة،جامعة الموصل.

- الزيبارى، عزيز محمدامين عزيز(٢٠٠٩) الحملات العسكرية الاشورية على المناطق الواقعة الى الشمال والشمال الشرقى لبلاد آشور في ضوء النصوص المسمارية المنشورة، رساله الماجستير في القسم الاثار، جامعة موتة.

- النجم، حسين يوسف حازم (٢٠٠٦) اقتصاد القرى الزراعية خلال العصرين الحجريين الحديث و المعدنى في العراق. اطروحة الدكتوراه، جامعة الموصل – كلية الاداب.

- يانكوفسكا (١٩٧٦) العراق القديم. بعض القضايا الاقتصادية في امپراطورية آشور. ت: سليم طه التكريتى، بغداد.

- حسين، نبيل نورالدين(٢٠٠٦) الحملات العسكرية الآشورية دوافعها ونتائجها في ضوء النصوص المسمارية المنشورة، اطروحة الدكتوراه، جامعة الموصل – كلية الآداب.

- كاظم، سناء عويد(٢٠١٤م) السياسيات الاشورية فى العصر الاشوري الحديث ٩١١-٦١٢ق.م، رساله الماجستير، جامعة واسط- كلية التربية- قسم التاريخ.

به زمانی فارسی

- پيوتروفسكى (١٩٩٠) تمدن اورارتو. ت: حميد خطيب شهيدى، تهران، پژوهشكده باستان شناسى.

- شیخی، مهتا ودیگران (١٣٩٨خ) ارتباط سیاسی مانا و آشور بر اساس نوشتار سالنامه های آشوری، فصلنامه علمی پژوهشی، سال ١٤ شماره ٥٤.

- مشکور، محمد جواد (١٣٣٢خ) تاریخ مردوم اورارتو. تهران، چاپخانه شرق.

- وند، منوچهر صمدی (١٣٩٨خ) آذربایجان در زمان حکومت آشور و اورارتو و ماننا، دانشگاه آزاد اسلامی.

بە زمانی ئینگلیزی و تورکی:

- Carey, Brian Todd . )2005.( Assyrian King Sargon II's Urartu campaign of 714 BC was as sensible as it was ruthless, Military History, Vol.22

- Çifçi, Ali (2017) The Socio-Economic organization of the Urartian Kingdom, Cultuer and history of the ancient near East, Boston (Brill), vol 89.

- Çifçi, Ali (2018) Urartu Krallığı'nda Tarım ve Hayvancılık lie Krallığın Ekonomi Politikası, Journal of Archaeology & Art.(١٥٩) ,

- Diakonoff (1991) Scripta Hierosolymitana, The cities of the Medes, Vol. XXXIII, Hebrew University.

- Grayson (1996) Assyrian Rulers of the Early First Millennium B.C(858-745 BC) The Royal Inscriptions of Mesopotamia Assyrian Period, Toronto, vol.3.

– Köroğlu, Kemalettin (2015) Conflict and Interaction in the Iron Age The Origins of Urartian–Assyrian, European Journal of Archaeology, 18 .(١)

– Lambert, W. G.: (1961) The Sultantepe Tablets: VIII. Shalmaneser in Ararat, BIAA, Vol11.

– Luckenbill (1926) Ancient records of Assyrian and babylonia, Chicago Chicago, The university of Chicago press, vol I & II .

– Olmsted: History of Assyria (1960).The University Of Chicago Press.

– Ünsal, Veli (2008) Urartu kralliği'nin kuzeybati seferleri, 30 International Journal of Black Sea Studies.

– Saggs (1980) The Land of Kirrur, British Institute for the Study of Iraq, Vol. 42, No. 1.

– Szuchman, Jeffrey (2009) Bit Zamani and Assyria, IFPO, open Edition journals, Syria 86.

– Radner, Karen : The Assyria and the Medes, Assyrians and Urartians,chapter.22, (oxford : 2011).

# الثروة الحيوانية في كردستان القديمة في صراع القوى السياسية خلال ٩١١-٧٠٥ ق.م

كوريان حسين قادر    ا.م.د. محمدامين علی عبدالله

قسم التاريخ    قسم التاريخ

جامعة سوران- فاكلتى الاداب    جامعة راپەرين- كلية العلوم الانسانية

muhammad.amin@uor.edu.krd    Koryan.qader@soran.edu.iq

الملخص

وكما هو معروف ان الثروة الحيوانية لعبت دورا رئيسيا في سير الاحداث السياسية عبر التاريخ القديم ، ومن خلال اندماجها مع السياسة منذ البداية، اثرت على مكونات السلطة وكيفية اكتساب الثروة، وعلى قضايا الاجتماعية والعلاقات الدولية والتغييرالدائم للحدود السياسية وتقوية البعض واضعاف الاخرين، وكذلك كثيرا ما أدت محاولات الدول وحكامها للسيطرة على لايةرةاو الصراعات وما الى ذلك من الامور، والتي ادت بدورها، الى تغيير مجرى الاحداث بما اقتضى العصر . ولكون كوردستان، بموقعها الاستراتيجي و اراضيها الخصبة ومنتجاتها الزراعية و مصادر الثروة الحيوانية ، كانت دائما محط انظار القوى الاجنبية، وكانت احد اسباب الاحداث و المتغيرات السياسية المختلفة في المنطقة، فإنها تستحق ان تكون موضوعا للدراسه والابحاث العلمية.

ومن هذا المنطلق تم اختيار (الثروة الحيوانية في كردستان القديمة في صراع القوى السياسية خلال ٩١١-٧٠٥ ق.م ) عنوان لهذا البحث العلمي، الذي خصص لبحث الثروة الحيوانية وكيفية الدور، الذي لعبتها في خلق اهم الاحداث التي شهدتها المنطقة, في الفترة التي تمت تحديدها ضمن العنوان، والتي تشمل فترات حكم كل من مملكة (اورارتو، ماننا و ماد)، والتي كانت معاصرة لفترة حكم الاشوري الحديث.

الكلمات المفتاحية: الثروة الحيوانية ، الاحداث السياسية، اورارتو، ماننا، ميديا، الاشورية